سەرۆکی حکیم داوای هاوپەیمانێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا دەکات بۆ سەرکوتنی کاری ئەنجومەنەکە لە پێشکێش کردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتی بەغدادی



بەیز عەمار حکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز عەمار حەمدانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا کرد، بەڕێز حکیم پیرۆزبایی لە حەمدانی کرد بەبۆنەی وەرگرتنەوەی متمانەی ئەندامانی ئەنجومەن و داوای هاوپەیمانێتی و هەماهەنگی لەگەڵکردن لەهەموو لایەنەکان بۆ دوور خستنەوەی هیچ لایەنێك تا کاری ئەنجومەنەکە و سەرکوتنی زامن بکرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتی بەغدادی.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێویستی کاملبوون لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگار و ئەمانەی بەغدا و دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەت، دووپاتیشی کردەوە کە خزمەتگوزارییەکان لەپێشینەی کارەکان دێت بۆ هاوڵاتیان و هێزەوی حکومەتیش، هەروەها هەشداری دا لەسەر ململانێ و کابەری سیاسی و ئاماژەی کرد کە ئەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر خکومەتەکان و شێوەی سیستەمی فیدرالی لە عێراق دەبێت.

بەڕێز حکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگە ستراتیژییەتی بایەخدان بە گوند وناحیەکتن هەبێت و خگونجاندن لە پرۆژە ستراتیژییەکان و پرۆژەی خزمەتگوزاری هەنکووکیی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوە متمانە لەنێوان هاوڵاتی و دامودەزگایەکان دروست دەکات.